# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٠) - دوو شەممە ٢٠١١/١٠/١٠ ز - ساڵی حەڤدەهەم

١٨ی (ڕەزبەر)ی٢٧١١ی کوردی- ١٣ی (ذو العقدة)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە




**کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو**

بۆچی؟ چۆن؟

چاکسازی و نوێبوونەوە

قۆناغی نوێ.. هەڵوێستی نوێ..

لە نووسینی

**(سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو)**

**لە ژمارەی داهاتوو...**



**کۆنگرە و گۆڕانکاری**

مەلود باوەموڕاد لە چەند ئەڵقەیەکدا باسی (کۆنگرە و کۆڕانکاری) دەکات.

**لە لاپەڕەی (٤) ئەڵقەی یەکەم بخوێنەوە...**


3  هاووڵاتیان بەبێ پێشەکی، دەبنە خاوەنی شوقە و خانوو، بە ماوەی (٢٥) ساڵیش قەرزەکە دەدەنەوە.

6 

دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، لەنێوان موزایەدەی سیاسی و پڕۆژەی ستراتیژیدا

7  چۆن و بۆچی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەرکەوتوو بوو؟

13  ستیڤ جۆبز، ئەو پیاوەی لە گەراجیماڵەکەیەوە گەورەترین کۆمپانیای ئەلیکترۆنی بنیات نا


## ئەمینداری گشتی یەکگرتوو:
## قەناعەتێکی قەتعیمان هەیە، هەر دەسەڵاتێک چاکسازی نەکات نغرۆ دەبێت



**لە مەراسیمی ڕۆژی وەفادا لە شاری هەولێر، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە وتارێکیدا لە بەردەم ئەندامو کادیرانی یەکگرتوودا ڕایگەیاند کە یەکگرتوو لە بەرەی شەقامدایەو بەردەوام دەبێت لە سەر نەهجی ئیسلاحی خۆی.**

(مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتوو) ڕایگەیاند:» پڕۆژەی چاکسازی و پڕۆژەی پێکەوە کارکردن لەسەر بنەمایەکی تەواو هاوکاری لە بەینی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا گفتوگۆیەک خرایە ڕێ و سوپاس بۆ خوا یەکگرتوو دەستێکی باڵای هەبوو لە ڕێکخستنو بەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیەوە، بەردەوام چاکسازی لای ئێمە بەرنامەو نەهجە وستراتیژیەتە، بۆیە ئێمە وادەبینین چاکسازی چارەسەرە و دەرمانی دەردی هەرێمی کوردستانە و ئەزمونی کوردستانیش پێویستی بە چاکسازیەکی ڕیشەی فراوان هەیە و دەسەڵات خۆشبەختانە پەیی بردوە بەو ڕاستیە و تێگەیشتوە.

ئەمینداری گشتی وتی: یەکگرتوو بەرچاوی روونە لەو مەسەلەیەدا و دژایەتی گەندەڵی بەشیعارو دروشم بە نەهج و بەکار لەسەرەتای یەکگرتووەوە لەگەڵیدایە و لە ماوەکانی ڕابردوودا دەرکەوت کە چەندە بە تەنگ دەنگی شەقامو خەمی جەماوەرەوە هەیەو چۆن لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە هەنگاو دەنێین و چۆن ئاراستەی ڕەوتی حاڵەتە سیاسیەکان بەرەو ئاشتەوایو پێکەوە ژیان ودوورگرتن لە فەوزاو غەوغاو لە چاولێگەریو کۆپی کردنی شوێنانو خەڵکانی تر، بەڵام ئەوە شاراوە نییە کە قەناعەتێکی قەتعی یەکگرتووی کە هەر دەسەڵات چاکسازی نەکات و بەخۆیدا نەچێتەوەو گەندەڵی ریشەکێش نەکاتو بەرنامەو پلانی ڕێکوپێکو زانستیانەو مەوزوعی نەبێت بە دوور لە هەموو حەزو مەیلێک ئەگەر وا نەکات سەرەنجام نغرۆ دەبێت و ئەو دەسەڵاتە دەکەوێت.

**لە ژمارەی داهاتوودا دەقی ووتارەکەی بەڕێزیان بڵاودەکرێتەوە..**

## «مالیکی داواکانی کورد جێبەجێ ناکات»

یەکگرتوو/ هەولێر

**ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەخنەی توند لە مالیکی دەگرێت و دەڵێ: «تاکڕەوانە مامەڵە دەکا و، باوەڕی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەماوە».**

(ئوسامە جەمیل ـ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە لیدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕەشبینی خۆی لە جێبەجێکردنی داواکاریەکانی کورد لەلایەن مالیکیەوە دەردەبڕی،و دەڵێت: «مالیکی بەڵێنی زۆر دەدات، بەڵام جێبەجێیان ناکات»، بۆیە پێی وایە «داواکانی کورد جێبەجێ ناکات». دەشڵێت:» ئەگەر کورد فشاری زۆر بکات و کار بگاتە وەرگرتنەوەی متمانە ئەو کات لە پرسە ئابورییەکان هەندێ سازش بکات». زیاتر دەڵێت: «بەڵام لە پرسە سیاسییە گرنگەکانی وەک ماددەی (١٤٠) و سوپا سازش ناکات».

لەبارەی تاکڕەوی مالیکی و خواستە فراوانکاریەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر جومگەکانی دەوڵەت، (ئوسامە) دەڵێت: «مالیکی قەناعەتی نە بە دیموکراسیەت و، نە بە مافی مرۆڤ و، نە بە ئازادی و نە بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەماوە«.

**لەم بارەیەوە لە لاپەرە (٥) ڕاپۆرتێک بخوێنەرەوە**

## لە هەولێر، چەند کەسێک بەبێ هۆکار دەستگیر دەکرێن

**ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو هێزێک لە شاری هەولێر بەبێ هۆکارێکی دیار هەڵدەکوتنە سەر چەند ماڵێک و ژمارەیەک هاووڵاتی دەستگیر دەکەن..**

کەسێکی نزیک لە یەکێک لە دەستگیرکراوان بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند «ڕۆژی پێنج شەممە هێزێک هاتنە سەر ماڵەکەو بەبێ رونکردنەوەی هۆکارێکی دیار یان بڕیاری دادگا دوای پشکنینی ماڵەکە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان دەستگیر کرد» ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وت «ئاگاداری ئەوەین کە هەر هەمان ڕۆژ چەند کەسێکی تریش دەستگیرکراون، ئەمانەش لەوانەوە کە پێشتر ئینتیمای ئیسلامییان هەبووە»، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ رونکردنەوەیەک ڕانەگەیەنراوەو خێزانی دەستگیر کراوانیش لەهۆکاری دەستگیرکردنەکە بێ ئاگان.






## یەکگرتوو ئیدانەی تیرۆرکردنی (مەشعەل تەمۆ) دەکات
## «داوا لە کوردانی سوریا دەکەین سووربن لە سەر ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد»




کاردانەوەی تیرۆرکردنی مەشعەل تەمۆی سەرکردەی کوردی سوریا لە ناوەندە جیهانی و نێودوڵەتیەکاندا بەردەوامی هەیە و وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش وێڕای ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی تەمۆ ڕایدەگەیەنێت کە گەلی کورد چەوساوەترین گەلانی ژێردەستەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیە و لە سوریای داهاتوودا پێویستە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان.

د.سەلاحەدین بابەکر وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە سایتی کوردیو ڕایگەیاند:» ئێمە ئیدانەی تیرۆرکردنی مەشعەل تەمۆ دەکەین و پێشمان وایە ئەم جۆرە کارە قێزەونانە وا لەگەلانی سوریا بەگشتی و کوردانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی دەکات زیاتر سوربون لەسەر داواکردنی مافی ئازادی و ڕزگاربوون لەو ڕژێمە«.

وتەبێژەکەی یەکگرتوو وتیشی:» تیرۆرکردنی مەشعەل تەمۆ ئەوەمان پێدەڵێت کە هیچ هێزێک کە هەرچەندە دڵ ڕەق و ستەمکاربێت ناتوانێت تاسەر دەنگی ئازادی گەلەکەی کپبکات و سەرەنجام ئازادی خوازان سەردەکەون و ئەمەش سونەتی ژیانە».

## لەسەر ناوزڕاندنی یەکگرتوو و نەبوونی هیچ بەڵگەیەک دادگا ڕۆژنامەی (باس) سزا دەدات

**لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی بێ بنەما لەسەر ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ڕۆژنامەی (باس) سزای دارایی دەدرێت..**

لەو بارەوە پارێزەر (محەمەد هاودیانی) پارێزەری دۆسیەکەی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، تایبەت بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند کە «پاش ئەوەی ڕۆژنامەی (باس) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە گوایا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو نامەیەکی بۆ سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی عێراقی ناردووەو داوای پارەی لێکردووە، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە دادگای بەرایی هەولێر داوایەکی یاسایی لەسەر ڕۆژنامەی ناوبراو تۆمار کرد، پاش چەندین دادبینی، دادگای ناوبراو لە بەرژەوەندی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بڕیاری قەرەبووکردنەوەی دەرکرد بەبڕی چوار ملیۆن دینارو، بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەشی بە تەشهیرو قەزف هەژمار کرد».

پارێزەری ناوبراو وتی «لەگەڵ ئەوەی کە پارێزەری ڕۆژنامەی ناوبراو لە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر داواکەی ئیستیئناف کردەوە، بەڵام دادگاکە لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەک و، بوونی هەواڵەکەشی بە تەزویرو هەڵبەستراو، بڕیاریدا بە پەسەندنەکردنی بڕیارەکەی دادگای بەرایی هەولێر». بەمەش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (باس) پابەند کرا بەدانی بڕی چوار ملیۆن دینار.

شایانی باسە ئەمە چەندین جارە ئەو جۆرە ڕۆژنامەو گۆڤارانە هەواڵی بێ بنەما لەسەر یەکگرتوو بڵاودەکرێنەوەو سەرجەم داواکانیش لە دادگادا لە بەرژەوەندی یەکگرتوو کۆتاییان دێت.